# نا بۆ(جنێونامەکان)... و نا بۆ(حوکمی قەرەقوشیش)!!

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)
ئەنوەری ڕەشی عەوڵا
23ی دیسامبەری 2005

یەکلاکردنەوەی چارەنوسی کەسێکی کورد بە30ساڵ زیندانی,بەپێی یاسایەك کە بۆ خۆی لەلایەن دوو ئیدارەکەوە(نەخوازەلا نەتەوەوە) بنەمای نۆرم (Norm) و بەهاکانی یەکلانەبۆتەوە.ناتوانێت تەزکیەسازو پارێزەری بەهاو نۆرمی بەرژەوەندییە-مادیی و مەعنەوییەکانی-ئینسانی کورد یاخود کوردستانیان بێت!
لەهەرساتەوەختێکدا یاسا ڕۆشن نەبێت دەرهەق بە-ئەرك و ماف و ئازادییەکان-ئەودەمەیە میزاجەکانیش لەتەمومژەکانی خۆیاندا مشتوماڵی هەمووشتەکان دەکەن..وئەوجا خواستەکانی خۆشیان دەسەپێنن(میزاجی حیزبی-میزاجی گروپەکان-میزاجی تاکەکان....تاد).
کۆمیزاجێکی ڕێکنەخراوو سیستماتیزەنەکراوەیە,کە هەڕەشە لە(ئۆتۆنۆمیەتی میزاجەکان)دەکات و هەم زەمینەش بۆ( فەوزەوییەتی میزاجەکانیش)خۆشدەکات! لێرەوەیە....

فۆرمۆڵبەندنەکردنی ئەم حاڵەتانەش-لەدوور یا نزیك ماوەدا-هەڕەشە کردنەلە(ئۆتۆنۆمیەتی دەسەڵاتەکانیش)کە بۆ ئێستا-حیزبەکانن! تەنها ڕێگەچارەیەکیش ئۆرگانیزەکردنەوەیەکی ئەقلانیانەی ماتەرە ئۆرگانیزەنەکراوەکانیکۆمەڵگایە..ئەمەش لەدوائاکامەکانیدا پەیوەستمان دەکاتەوە بۆ دەرچوون لە تەنگژەی گەڕەلاوژەکان..وپۆلێنکردنەوەیان بەپێی نۆرمگەلێك کەگوزارشت بێت لەخواستی هەموان.بنەمای ئەم ڕاستیە سادەیەش(Tolerance)ێك دەخوازێ لەنێوان مەیل و بەرژەوەندییە جیاوازەکانی کۆمەڵگاییەك,گەر بخوازێ بەزیندویی بمێنێتەوە، بەو مانایەی کارگێڕیکردنێکیئەقلانیانە_نەك ئایدۆلۆژیانە-بۆ بە ئەنجامهێنانی تۆڕەکانی وتوێژو لێدوانەکان.ئەمەش کۆتاییهێنانێك دەبێ بەبارودۆخی فەوزاکان..و,جێنشین کردن و ڕاهێنانی تاك و گروپ و حیزبەکان و دەسەڵات و بەهاو نۆرمەکانیانە لەسەر( پەیمان بەستن) بۆ خواستە_بەڕێوڕەسم-کراوە جیاوازەکانیان,ئەم گردبوونەوەیەش لەسەرخوانی نەتەوەیەکی بەفام مەیسەردەبێ.لەبەر ڕووناکی ئەم نوسینە کەم و پوختەدا,بۆخاتری پێکەوەهەڵکردن و نەخواردنی فرزەندەکانی خۆمان و قبوڵکردنی جیاوازییەکانی یەکتر بەگیانی لێبوردەییەوە,داوا لەودەسەڵاتە کوردییە دەکەین کە (دکتۆر کەمال سەید قادری)زیندانیکردووە ئازادبکات! باگوێ بۆ حیکمەتە فرە-وانە-کەی پیرەمێردیش ڕادێرینەوە کە دەفەرموێت:
(کە ئاو داری لەسەر سەر ڕاگرتووە..ئەیزانێ چی تیایە
لە لای نەنگە کە پەروەردەی نقوم کات..گەورەیی وایە)!!